# شەونم

هۆنراوەی (83)

**نماز شام غريبان چو گريه آغازم**

سەری شەوە و دەگریم و غەریب و بێ نازم
بە ناڵەوە دەری دەبڕم قسەی دڵ و رازم
بەیادی یار و دیارم دەبێ وەها بگریم
کە لەو جیهانە چ کەس بۆسەفەر نەڵێ سازم
من و وڵاتی حەبیبم، چمە لە شاری غەریب
خودایە بمبەوە جێی خۆم کە لێرە بێ وازم
ئەتۆ خودا وەرە یاریم دە شارەزای رێگا
هەتا لە مەیکەدە دابم چ کەس نەکا گازم
عەقڵ لە پیری وەکوو من حیسابێ ناکێشێ
ئەگەر لە گەڵ سەنەمێکی بە غەمزە و نازم
بە بێ نەسیم و سەبا هیچ کەسی دی نامناسێ
ئەوان دەبەن خەبەرم بۆ حەبیبی چاوبازم
هەوای مەنزڵی یارانە ئاوی ژین بۆ مە
سەبا! دەبێنە نەسیمێ لە خاکی شیرازم
دەهات و عەیبی منی رووبەڕوو دەگوت ئەسرین
لەکێ بکەم گلە خۆماڵی یە دزی رازم
لەچەنگی زوهرەوە بیستم بەیانی زوو دەیگوت
ئەمن مریدی وتەی حافزی خۆش ئاوازم

**حافزی حەقیقی**